# کتێبێک لەبارەی تیۆرەکانی سینۆگرافیا

## نیاز لەتیف: کتێبەکە دەبێتە میتۆد بۆ کۆلیژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان




**ئا: بژار حەکیم**


نووسەر و شانۆکار نیاز لەتیف کتێبێک بە ناوی "تیۆرەکانی سینۆگرافیا لە ڕوانگەی تیۆرناسانی شانۆوە" بڵاودەکاتەوە کە بەشێکە لەتێزی نامەی ماستەرەکەی و خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیمۆلۆژیانەی خۆیەتی بۆ تیۆری بیرمەندانی شانۆی جیهانی و ڕوانینەکانیان بۆ سینۆگرافیا.

د. نیاز لەتیف لەوبارەوە گوتی کە ئەم کتێبەی بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی زانستی نووسیوە. کتێبەکە لە 235 لاپەڕە پێکدێت و باسی مێژووی سەرهەڵدانی سینۆگرافیا، پێناسەکردنی چەندین زاراوەی شانۆیی پەیوەست بە سینۆگرافیا، پێکهاتەکانی سینۆگرافیا و جۆرەکانی دەکات.

نیاز لەتیف زیاتر لەبارەی کتێبەکەوە گوتی: "ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی خۆم چاپ دەکەم. ئەمە یەکەم سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستییە کە دەبێتە میتۆد بۆ کۆلیژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ.

د. نیاز لەتیف لەدایکبووی سلێمانییە و پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان بەکالۆریۆسی لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا خوێندووە، ماستەری لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و دکتۆراشی لە ئەکادیمیای هونەر لە قاهیرە تەواو کردووە. ساڵی 1979 دەستی بە کاری هونەری کردووە و زیاتر لە 40 کاری شانۆیی هەیە وەک نواندن و دەرهێنان و بەشداریی زیاتر لە 10 زنجیرە دراما و فیلمی تەلەفزیۆنی کردووە.

# شانۆگەریی "گوێچکەکانم قسە دەکەن" ئەمڕۆ نمایش دەکرێت




## کارۆخ ئیبراهیم: ئەمە دوا کاری هونەریم دەبێت

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

بڕیارە ئێوارەی ئەمڕۆ لە هەولێر شانۆگەریی " گوێچکەکانم قسە دەکەن" نمایش بکرێت. دەرهێنەری شانۆگەرییەکە دەڵێت کە ئەم شانۆگارییە دوا کاری هونەرییەتی.

کاژێر شەشی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە (10-12-2018 ) لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر شانۆگەریی " گوێچکەکانم قسە دەکەن" لە دەرهێنانی هونەرمەند کارۆخ ئیبراهیم حەکیم نمایش دەکرێت.

دەرهێنەر و شانۆکار کارۆخ ئیبراهیم بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "شانۆگەرییەکە واقیعییە و باس لە ژیانی ژنێک دەکات کە لە دایکێکی ئێزدی و باوکێکی داعشە و هەریەک لە گۆران ساڵح و سێبەر ئیبراهیم حەکیم ڕۆڵی تێدا دەبینن".

کارۆخ ئیبراهیم دەشڵێ: " ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی خۆمە و سوودیشم لە بیرۆکەی شیعرەکانی تەڵعەت تاهیر وەرگرتووە. ئەمە دەبێتە دوایین کاری هونەریم و دوای نمایشکردنی دەستبەرداری کاری هونەری دەبم. هەرچەندە ئەمە بڕیارێکی قورسیشە کە داومە".

# موستەغانمی ڕۆمانی "بەچێژ وەک جیابوونەوە" بڵاودەکاتەوە



**ئا: بژار حەکیم**

ئەحلام موستەغانمی نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی (شهیا کفراق- بەچێژ وەک جیابوونەوە) بڵاودەکاتەوە.

ڕۆماننووسی جەزائیری بەناوبانگی عەرەب ئەحلام موستەغانمی دوای چەند ساڵێک دوورکەوتنەوە لە نووسین و بێدەنگی، بە ڕۆمانی "بەچێژ وەک جیابوونەوە" گەڕایەوە دنیای نووسین و ڕۆمانەکەش بەخێرایی لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبووەوە.


لە ڕۆمانە نوێیەکەیدا، موستەغانمی چیرۆکی پیاوێک دەگێڕێتەوە کە خولیای جیابوونەوەی هەیە، چونکە لە بنەڕەتەوە متمانەی بە خۆشەویستی نەماوە، پیاوێکی پڕ لە نهێنی خۆی لە نووسەرەکە نزیک دەکاتەوە کە قارەمانی چیرۆکەکەیە، بەچەند وشەیەکی دیاریکراو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات.

مستەغانمی لەبارەی کتێبەوە دەڵێ، سەرکەوتنی کتێب بەداگیرکردنی ڕەف و دەلاقەکانی کتێبخانەکان نییە، بەڵکو بەمانەوەیەتی لە ویژدانی خوێنەرانیدا، چونکە کاریگەری بەسەریاندا دەبێت، کاتێک ڕۆمانێکی نوێ دەنووسم ئەوەم دێتە خەیاڵ کە کتێب ئەوکاتە سەرکەوتووە خوێنەر بەموڵکی خۆیی بزانێ.

ئەحلام موستەغانمی، ڕۆماننووسی دیاری عەرەب ساڵی 1953 لە جەزائیر لەدایک بووە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا و ئێستاش لە لوبنان دەژیت، ساڵی 1998 خەڵاتی نەجیب مەحفووزی بۆ ڕۆمانی (یاداشتەکانی جەستە) وەرگرت.

## "ترسم لە بڵاوکردنەوەی هەیە"

# فەرهاد پیربال ڕۆمانێکی نوێ دەنووسێ



**ئا: فەلاح نەجم**

فەرهاد پیربال نووسەر و ڕۆماننووسی کورد ڕۆمانێکی نوێ دەنووسێت و وەک خۆی دەڵێت، بەهۆی هەندێک لە گێڕانەوەکانی ناو ڕۆمانەکە ترسی هەیە لە بڵاوکردنەوەی بۆیە لەگەڵ چەند راوێژکارێکی یاسایی سەرقاڵی گفتوگۆیە.

فەرهاد پیربال لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەو ماوەی لە هەولێر لە بەندیخانە بووم ڕۆمانێکی نوێم بەناوی (قەبرێکی سێگۆشە لەسەر ڕێگەی نسێبین) نووسیوە کە نزیکەی 375 لاپەڕەیە.

پیربال باسی لەوە کرد کە ئێستا لەگەڵ چەند راوێژکارێکی یاسایی سەرقاڵی گفتوگۆیە بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە هیچ کێشەیەکی یاسایی بۆ دروستدەکات یان نا. ئەو گوتی: "ئەگەر بڵاوی بکەمەوە حەتمەن بەدڵی هەندێک کەس نییە و دڵنیام لەسەری دەستگیر دەکرێم".

ئەم ڕۆمانەی پیربال باس لە ژیانی کوڕێک دەکات کە ماوەی 15 ساڵ باوکی لێ ون بووە. بۆ نووسینی چیرۆکەکە سوودی لە چیرۆکی یارانی ئەشکەوت (اصحاب الكهف) بینیوە ، چونکە کوڕەکە بۆ ماوەی 15 ساڵ لە ئەشکەوتێکدا دەمێنێتەوە و نزا بۆ دۆزینەوەی باوکی دەکات.

کاتێک کوڕەکە دوای 15 ساڵ بڕیار دەدات لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوە، دوو کچی هۆمۆسێکسواڵ دەبینێت و عاشقی کچێکیان دەبێت، ئیتر لەو ڕێگەیەوە بەشێک لە بارودۆخی کوردستان و چەند ڕووداوێکی دیکە دەگێڕێتەوە.

# کێ لە شێتەکان ناترسێ؟




(کێ لە شێتەکان ناترسێ؟)* ناونیشانی ڕۆمانێکی (مەهدی ڕەزایی)یە و ماوەیەک لەمەوبەر (خالید فاتحی) لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و لە دووتوێی 178 لاپەڕەدا لە چاپخانەی چوارچرا چاپ کراوە.

ڕۆمان ژیانێکی ئەندێشەکراوە، نووسینەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کارەکتەرە خەیاڵیەکانە (هەموو مرۆڤەکان شێتن. تەنیا جۆری شێتیەکەیان جیاوازە. ڕەنگە هەر ئەو قسەیەم بەس بێ بۆئەوەی هەموو بزانن کە بۆخۆیشم چەندە شێتم. ل5).

هەموو دەقێک وێنەیە، نووسەر لە وێنەی شتەکانەوە دەست دەبات بۆ نووسینی دەقەکانیان، بەڵام ئەو وێنانە لە ڕێگەی زمانەوە ورد دەکرێنەوە بۆ هەندێک شیکاری و مانای دیکە، ڕۆمانەکە پڕە لە دیمەنی جۆراوجۆر، تژییە لەو ئینسانانەی هەریەکەیان بە جۆرێک خۆیان بە ئێمە دەناسێنن (من هێشتا بۆ مرۆڤایەتی و بەهاکان خەبات دەکەم. ل12) زمان ئامرازی بیرکردنەوەیە وەک (جان پیاشێت) دەڵێت، ڕۆمانیش سەفەرێکە بە چاوی خۆت شتەکان دەبینی. مرۆڤ کۆیلەی نەریتە، پێیوایە ئەو شتەی خووی پێوە گرتووە هەمیشە لە هەموو شتێک باشترە. بەڵام جوانیی ئەدەب و هونەر لەوەدایە کە دەتوانێت بەبێ ئامۆژگاری خەڵک بگۆڕێت. تا ئەم ساتەش مرۆ پێویستی بە بیستن و گێڕانەوەیە، بەو مانایەی بەسەرهاتی کەسانی تر ببیستێ و بە هەمانشیوە، حەکایەتی خۆی بۆ کەسانی دیکە بگێڕێتەوە.

ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبیی نوێیە، سەرەتا لە ڕۆژئاوای دوای سەردەمی ڕێنیسانسەوە سەری هەڵداوە. سەرەکیترین ئەرکی ڕۆمان لە ئێستادا شۆڕبوونەوەیە بە ناخ و زیهنییەتی ئاڵۆزی ئینساندا. (لە وڵاتی ئێمەدا لە منداڵی سەر بێشکەی ڕا بگرە تا پیرەژنەی بێ ددان، باسی سیاسەت دەکەن. ل37)

مرۆڤەکان، هەر کامەیان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، دید و بۆچوونی جیاوازیان بە زمان و شێوازێکی دەربڕینی جیاواز دەدوێن. زمان و شێوە ئاخاوتنی کەسەکان پەردە لەسەر هەست و هزریان هەڵدەداتەوە.

وەکو بوونگەراکان دەڵێن: مرۆڤ هیچ پرسێکی پێ نەکراوە کە فڕێدراوەتە نێو ژیانەوە، بۆیە شەڕی مرۆڤ شەڕی شکاندنی ئەو کۆتوبەندانەیە کە ئایین و کولتوور و سیستمە سیاسیەکان بەسەریدا دەسەپێنن.

بنیادەم بۆ ئەوەی بەردەوامی بە بوونی خۆی بدات، دەبێت بەردەوام تێبکۆشێت و لە هیچ جێگەیەک کۆڵ نەدات، هەموو سەرزەمینێک بکاتە جێگەی ژیان و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بێتەوە. (لەبیرمە کە دەتگوت لە ژیاندا گرنگ ئەوەیە بە بنبەست نەگەی. هەمیشە دەبێ ڕێگایەک بدۆزیتەوە یان ڕێگایەک دروست بکەی. ل110).

ئەگەر گاڵتە بە عیشق بکەین، وەکو ئەوە وایە گاڵتەمان بە خۆمان کردبێ، دوو شت هەن کە پێویستە بایەخیان پێ بدرێت، ئەویش ڕامان و عیشقە (هەموو ڕێنوێنییەکان، لە دوو وشەدا کۆدەبنەوە: ڕامان و خۆشەویستی، وەها سەرقاڵی ڕامان ببە کە بتوانیت هەست بە بێدەنگییەکی تەواو بکەیت، وەها خۆشەویستی بکە کە ژیانت ببێتە گۆرانی و سەما و ئاهەنگ. ئەگەر بتوانیت بە ئاسانی لەنێوان ڕامان و خۆشەویستیدا بێیت و بچیت، ئیدی خاترجەم بە، گرنگترین شت لە ژیاندا فێربوویت.)**



◄ سەباح شێخانی

***کێ لە شێتەکان ناترسێ؟ (ڕۆمان) مەهدی ڕەزایی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، خالید فاتیحی، چاپی یەکەم، 2018 سلێمانی.**

****حەمەسەعید حەسەن، خۆشەویستی لە ڕوانگەی ئۆشۆوە، چاپی یەکەم، 2018، هەولێر.**

# دەرگەکانیش هیلاکن؛ ئاوێنەیەك بۆ بینینی حوزنێكی بزر




ئەم نووسینە هەڵگری چوارچێوەیەکی دیاریکراو نییە کە ناوبنرێت ڕەخنە یان شرۆڤەی ئەدەبی، نا، تەنیا هەوڵێکە بۆ گوزارشت و خستنەڕووی تێگەیشتن و چێژی من بۆ کارە ئەدەبییەکانی ئارام محەممەد (ئارام شێخ وەسانی).

ئارام وەک گەنجێکی هەڵکەوتووی بواری ئەدەبیاتی گێڕانەوە، لە بەرهەمەکانیدا وردەکاریی زۆر هەیە و من وەک خۆم چێژێکی زۆر لە بەرهەمەکانی وەردەگرم. لەم نووسینەدا زیاتر سەرنجم خستووەتە سەر کۆمەڵە چیرۆکی ( دەرگەکانیش هیلاکن)، کە ئەمساڵ بڵاوبووەتەوە.

30 ساڵ بەر لە ئێستا، ئارام بەر تراژیدیا کەوت، گوندەکەیان بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرا، چاوی گەشی ڕەز و باخ و کانییان کوێر کرد. گوندێک کە لەوەتەی دروست بووە، ئەو نانەی هەیبووە، لەگەڵ پێشمەرگە و غەریبان کردوویەتیە دوو لەت. هەست دەکەم حوزنێکی قووڵ لە ئارامدا هەیە و هەر بەو حوزنەشەوە دەنووسێت. جەختکردنەوەی ئارام لە شێواز و بابەتی گێڕانەوە، هەوڵە بۆ بزرنەبوونی ئەو ڕووداوانە لە تەپوتۆزی خێرای دنیای مۆدێرنەدا، بۆ من کە لەناو بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی لە گێڕانەوەکانی ئارامدا وەک سیمبول بەکارهاتوون بووم و ژیاوم، چێژێکی زۆر هەیە. لام وایە لە زۆر شوێن ئارام لاپەڕەکانی سەردەمی لاوێتیم هەڵدەداتەوە، سەردەمانێک، چێژێکی زۆرم لە خوێندنەوەی ( پێکەنینی گەدا) ی مامۆستا حەسەنی قزڵجی وەرگرت، ئێستاش هەمان چێژ لە گێڕانەوە و چیرۆکەکانی ئارام وەردەگرم.

نووسەر لە گێڕانەوەدا نایەوێت مرۆڤ لە کەسێکی پاسیڤ و بێئومێدەوە، بکاتە کەسێکی پاڵەوان، هەروەها ناشیەوێت هێڵی سووری چینایەتی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی بکاتە شەرعیەتی بڕەودان بەو ئایدۆلۆژیا و بونیادە تەقلیدیانەی کە دەیان ساڵە، وەک مۆتەکە کەوتووەتە سەر سینگی ژیانی مرۆڤ و هەناسەی بیرکردنەوەی لێ بڕیوە. ئارام لە گێڕانەوەدا بەردەوام مامەڵە لەگەڵ تاک دەکات و هەست دەکرێت کە تاک لای ئارام خاوەن دەسەڵاتە بەسەر کۆی ئەو بونیاد و ترادیسیۆنانەی بە بیانووی لاوازی و کەمدەسەڵاتی، مرۆڤەکان دەخەنە ناو حەوشەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا لەقاڵبدراوەکان. گەڕاندنەوەی شکۆ و مانا بۆ تاک، تاکێک کە لەناو فیکری چەقبەستوودا گرمۆڵە بووە، تاکێک کە یاسا و ڕێساجۆراوجۆرەکان جووڵە ئاساییەکانیشیان سنووردار کردووە. نووسەر گەرەکیەتی، تاک لەو چوارچێوانە دووربخاتەوە و وەک بکەرێکی چالاک و خاوەن ئیرادە وێنای بکات و لەو جوغزە کۆمەڵایەتیە بەرتەسکە ڕزگاری بکات. هەروەها لە بەرهەمەکانی ئارامدا هەوڵێکی چڕ هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی سیاسیەوە بکاتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی، لە کۆمەڵە چیرۆکی (دەرگەکانیش هیلاکن)، لە شەڕی میرانەوە بۆ ئازاری دەروونیی کچێک بەدەم کۆستی بێباوکی، لەوێوە بۆ خشتووکردنی زێدی یادەوەرییە لەبیرنەکراوەکان بەدەستی گورگە ئادەمییەکان، وردەکاریی خۆشەویستی و ترس لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکان وا لە خوێنەر دەکات لە شوێنێک ئۆقرە نەگرێت.

◄ زیرەک کەمال



ئەدەبی ئارام، ئەدەبی گێڕانەوەی تراژیدیا و تێکشکان و ژیانی سەختی مرۆڤە، بەڵام چاوەڕوانی و ئومێدێکی قووڵیش لەچاوی کارەکتەرەکاندا دەبینرێت. نووسەر دەیەوێت بڵێت من مرۆڤێکی ڕەشبینی خاوەن ئیرادەم بەلاوە گرنگترە لە مرۆڤێکی گەشبینی بێ ئیرادە. نووسەر لە دروستکردنی کارەکتەر و وردەکاریی گێڕانەوەدا ڕایەڵێکی دروست کردووە و بەستوویەتی بە ژیانی واقیعیی خۆی و تا ڕادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەوتوو بووە. ئارام لە خەیاڵدا قووڵ و لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکاندا شیلاوی ئێستاتیکای لێ دەچۆڕێت. هەرچەندە من سەرنج و تێبینیم هەیە لەسەر شێوازی گێڕانەوە و لە زۆرشوێن دەکرا فراوانتر و باشتر بێت. ڕۆمان و چیرۆک و ژانرە ئەدەبییەکان بەگشتی، دەکرێ لەناو کۆمەڵێک چوارچێوە و یاسا و ڕێسای ئەدەبی ڕۆبنرێن، بەڵام من لەگەڵ ئەو چوارچێوە و سەپاندنانەدا نیم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سنوورەکان بەتەواوی تێکەڵ بکرێن، کۆمەڵێک مۆرک و خەسڵەتی بنچینەیی هەن کەوا ژانرە ئەدەبییەکان لە کایە مەعریفی و زانستیەکان جیادەکەنەوە، بە دیدی من ئەوەیش بەم گەمە زمانییە دەکرێت کە بەهۆیەوە خوێنەر دەکەوێتە ناو ڕامان و چێژ و سەرسامی، لەم ڕوانگەوە ئارام لە گێڕانەوەکانیدا توانیویەتی بە وردی ئیش لەو وردەکارییەدا بکات، بەم هۆیەشەوە، لەگەڵ بەرهەمەکانی ئارامدا، خوێنەر هەست ناکات کاتی بەفیڕۆ چووە.

من پێموایە بۆ نووسەری چیرۆک و ڕۆمان و گێڕانەوە بەگشتی، بەرجەستەکردنی زمان لە فۆرمێکی ئێستاتیکی و قووڵبوونەوە بە نێو خەیاڵ و گرێچنی ڕووداوەکان و فۆرمی کارەکتەرەکاندا زۆر گرنگە، بەڵام هاوشانی ئەوەش دەبێت نووسەری بواری گێڕانەوە وەک فەرهەنگێک بێت بۆ بواری زانستی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و تەنانەت دەبێ شارەزاییەکی باشی لە سیمۆلۆژیاش هەبێت، ئەگەر وانەبێت، نووسەر ناتوانێت بە شێوەیەکی ورد شوێنگە و ماهییەتی کارەکتەرەکان دیاری بکات و ئەو ڕۆڵەیان پێ بسپێرێت کەوا پێویستە.

# دەزگای ڕوانگە و برەودان بە ئەدەبیات

ئەمساڵ لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم کاک ئاوات محەممەد بەرپرسیارێتی ئەوەمان خرایە ئەستۆ کە ببینە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی کورتە چیرۆک لە "خەڵاتەکانی ڕوانگە 2018". هەڵبەت بەر لە هەموو شتێک سوپاسی ئەو متمانەیە دەکەین کە دەزگای ڕوانگە بە ئێمەی بەخشی. لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم سەبارەت بەم خەڵاتە، بەتایبەتی لە بەشی کورتە چیرۆک کە هەم خۆم تێیدا ئەندام بووم و هەم وەکو نووسەرێکیش چەند قسەیەک بکەم.

بۆ ئەم خەڵاتە، ئێمە (67) چیرۆکمان بەدەست گەیشت، دەبوو لە ماوەی نزیکەی پازدە ڕۆژدا سێ چیرۆک هەڵبژێرین بۆ خەڵاتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەمەش ئەرکێکی زەحمەت بوو، چونکە چیرۆکەکان زۆر بوون و دیاریکردنی تەنیا سێ دانە ئاسان نەبوو. ئێمە لەسەر بنەمای چەند پێوەرێکی سەرەکی: ناوەڕۆک، تەکنیکی گێڕانەوە، خەیاڵ و فەنتازیا، زمانەوانی، ناونیشانی چیرۆکەکان، گوڵبژێرێکمان کرد و سەرەتا وەکو قۆناغی یەکەم نزیکەی بیست چیرۆکێکمان هەڵبژارد، ئینجا لەگەڵ کاک ئاوات وەکو لیستێکی کورتکراوە لەسەر چواردە چیرۆک ڕێککەوتین و پاشان لە قۆناغی کۆتاییدا پێنج چیرۆکمان بۆ خەڵاتەکان هەڵبژارد، دوو دانەی کۆتایی بۆ ئەوە بوو نەوەک گرفتێک بێتە پێش و یەکێک یان دووان لەو سێیەی یەکەم خەڵاتەکەیان پێ نەدرێت. خۆشبەختانە هیچ شتێک ڕووی نەدا و یەکەم و دووەم و سێیەم، خەڵاتەکانی خۆیان وەرگرت.

چیرۆکەکانی کە ئەمساڵ بۆ ڕوانگە هاتبوون، دەتوانم ناوەڕۆکەکانیان لە چوارچێوەی چوار بەشدا پۆلێن بکەم، ئەویش بەمشێوەیە:

یەکەم: شەڕ و ئاژاوە و بەتایبەتیش کاریگەرییەکانی داعش.

دووەم: دۆخی دەروونیی گەنج و کۆچ و کارەسات.

سێیەم: خۆشەویستیی دایک و خانەوادە.

چوارەم: خۆشەویستی و عەشق.

هەڵبەت ئاستی چیرۆکەکان جۆراوجۆر بوون، دەتوانم بڵێم بەداخەوە زۆرینەیان لاواز بوون و زیاتر لە ڕاپۆرت و دارشتنی قوتابخانە و هەندێکیشیان وەکو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بوون، ئەوانە ڕاستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەشێ ببنە بابەتی چیرۆک، بەڵام چیرۆک پێویستی بە زمان و تەکنیکی گێڕانەوە و فەنتازیای تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوانەی دەیانەوێ ببنە چیرۆکنووس، دەبێ لەو لایەنانە شارەزا بن و لێی بزانن و بشزانن چۆن پراکتیزەی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی چیرۆکەکان زۆر باش بوون و بەتەواوی چیرۆکی هونەری بوون، لێرەشەوە دەبێ ئەوە بڵێم تەنیا چیرۆکی ئەوانە باش نەبوو کە پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا، بەڵکو زۆر چیرۆکی دیکەی باشی تێدابوون و هیچ گرفتێکیان نەبوو، بەڵام خەڵاتەکە بەو شێوەیە بوو کە سێ پلە دیاری بکرێن و ئەو سێ چیرۆکەش زیاتر پێوەرەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەبوو لەچاو ئەوانی دی.

دوو خاڵی گرنگ هەیە کە ناکرێ لێرەدا ئاماژەیان بۆ نەکەم:

یەکەم: ئەو چیرۆکانەی هاتنە لای ئێمە، تەنیا کۆدیان لەسەر بوو، ناویان لەسەر نەبوو، خۆشبەختانەش نە هیچ دۆست و کەسێکی نزیکی من و نە کەسی نزیکی کاک ئاواتیش چیرۆکیان بۆ پێشبڕکێکە نەناردبوو تا بکەوینە ژێر کاریگەریی ئەوانە و هەوڵ بدەین ئەوان دەرچن، یان بکەوینە ژێر فشاری خزمایەتی و دۆست و برادەرایەتی.

دووەم: بۆ مێژوو دەیڵێم برادەرانی ڕوانگە بە هیچ شێوەیەک، نە دوور نە نزیک دەستیان وەرنەدایە کاری ئێمە و هەر ئەوانەش پلەکەیان وەرگرت کە ئێمە دیاریمان کردبوون، پێشتر گوێم لەوە ببوو کە ئەوان دەستوەردەدەنە کارەکان و هەر ئەو کەسانە دەردەچوێنن کە خۆیان دەیانەوێ، بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە دەیڵێم ئەمە وا نییە و بە هیچ شێوەیەک ئەوان دەستیان لە کاری لیژنەکان وەرنەدا. خۆشبەختانەش ئەو سێ گەنجەی ئەمساڵ خەڵاتەکانیان پێ درا، نە ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە و نە کەسی دەزگای ڕوانگە نەماندەناسین.

جێی سەرنج و هاوکات خۆشحاڵیش بوو کە ئەوانەی بوونە براوەی هەر سێ پلەکە، خەڵکی هیچێک لە شارە گەورەکانی کوردستان نەبوون، بەڵکو یەکەمەکەیان خەڵکی چەمچەماڵ و دووەمیان خەڵکی ڕانیە و سێیەمیش خەڵکی خەلیفان بوو، بۆیەشە دەڵێم جێی خۆشحاڵی بوو، چونکە زۆربەی ئەو خول و پێشبڕکێ و چالاکییانەی ئەنجام دەدرێن، زیاتر بۆ خەڵکی سەنتەری شارە گەورەکانن و خەڵکانی دەرەوەی شار لێی بێبەشن، بەڵام ئەمجارەیان وا ڕێککەوت کە هیچیان هی سەنتەری شارەکان نەبوون.

هیواخوازم ڕوانگە بەردەوام بێ لە ئەنجامدانی ئەم پێشبڕکێیە و دۆزینەوەی بەردەوامی تواناکانی گەنجان.

◄ سەنگەر زراری



# ململانێی (من) و (ئەوان)

## دەفتەرە شیعری (من مانگایەکی تەنیام)ی (شنە نووری) بە نموونە

حەمە مەنتک



زۆربەی توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دیاریکردنی سنوور و چەمکێک بۆ (من) کارێکی سانا نییە. لە زماندا (من) جێناوی سەربەخۆیە، گوزارشتە لە کەسی یەکەمی تاک. واتە گوزارشتە لە تاکایەتی و سەربەخۆیی. کاتێک بەر ئەم چەمکە دەکەوین، ڕاستەوخۆ دەبێت چەمکی (ئەوان) ئامادەیی هەبێت، چونکە دوانەن. چەمکی (ئەوان) چەمکێکی کۆیە و دەلالەتە لە کۆمەڵە کەسێک، یان کۆمەڵ. لە بواری ئەدەبدا (من) لە خود، ناسنامە و کەسایەتی دەرهێنراوە. تەنانەت هێندێک (من) بە خود دادەنێن، بەتایبەت کاتێک خاسیەتە ڕۆشنبیری، دەروونی و ئایدیۆلۆجییەکان هەڵدەگرێت. واتە (من) کۆمەڵێ خاسیەتی دەبێت کە خودی ئەو لە خودەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، هاوکات بەو خاسیەتانە دەناسرێتەوە. کەواتە دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر سادە بڵێین: (من) گوزارشتە لە بوونێکی هوشیار بە خودی خۆی، واتە هەستکردنی مرۆڤ بە خۆی. لێرەوە هەوڵ خاسیەتی (من) دیاری دەکەین کە هۆشیارە بە خودی خۆی.

ئاشکرایە لە سایکۆلۆجیادا یەکەم کەس (سیگمۆند فرۆید) بوو توێژینەوەی لەو چەمکە کردووە. بە بڕوای ئەو "سەربوردەی دەروونی لای تاک ڕێکخستنێکی یەکگرتوو پێکدێنێ. ئێمە بەو ڕێکخستنە دەڵێین (من) لای تاک. ئەو کارە (من) دەبەسترێتەوە بە هەستەوە و کۆنترۆڵی دەروازەکان دەکات بۆ توانای جوڵێنەر". [فرۆید، 2005، ل28] هاوکات دەڵێت: من "هەوڵی ئەوە دەدات کە ڕەوایی بداتە ڕێسای واقیع لە شوێنی ڕێسای چێژ کە جڵەوی (ئەو)ی لە دەستە، بەبێ ڕکابەری و ئیدراک دەردەکەوێت... (من) تەمسیلی عەقڵ و سەلامەتی و ژیربێژی دەکات". [فرۆید، 2005، ل29] کەواتە (من) هەوڵ دەدات ڕێگری لە هەموو ئەو کردەوە نالۆجیکی و دژە واقیع و کولتووریانە بکات کە (ئەو) دەیەوێ ئەنجامیان بدات. (من) هەوڵدەدات هەموو کاریگەریە دەرەکییەکان بۆ سەر (ئەو) بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی واقیع بەسەر چێژدا زاڵ بکات، چونکە چێژ و ئارەزوو و غەریزە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر (ئەو)دا هەیە. بەمەیش هەمیشە (ئەو) هەوڵدەدات کارێک لە دەرەوەی واقیع، لۆژیک و دابونەریت بکات. کەواتە (من) لە کن ئەم دەروونناسە هاوسەنگیی دەروون ڕادەگرێت، هاوکات ناوەندی ئاگاییە لە مرۆڤدا.

دەفتەرە شیعری (من مانگایەکی تەنیام)ی (شنە نووری) هەوڵێکە بۆ ئەوەی شکۆ ناسنامەی (من) بگەڕێنێتەوە. ئەگەر لە ناونیشانی دەفتەرە شیعرەکە بڕوانین، بەر وشەی (مانگا) دەکەوین. (مانگا) دەلالەتە لە ساڵ. کەواتە شاعیر مانگای هێناوەتەوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت تەمەنێکی هەیە، دەوروبەر دەیانەوێت (من) وەکوو ناسنامە لەو بستێننەوە و بە (ئەو)ی بچوێنن. (ئەو)یش دەلالەتە لە ئارەزوو و غەریزە. (مانگا) ئاماژەیە بۆ کچێکی باش و پاک، بەتایبەت ئەگەر ئەو (مانگا)یە، مانگایەکی لەڕ نەبێت، دەلالەتە لە ساڵێکی پڕ خۆشی.

خواوەند (هاپوور/حورس- Hathor) یەکێکە لە خواوەندەکانی میسری کۆن، خاوەن سۆز و بەزەیی بووە، خواوەندی خۆشی و ناخۆشی، جوانی و دایکایەتی بووە. ((یەکێکە لە خواوەندەکانی میسری کۆن کە پەرستوویانە، سەری لە شێوەی مانگایە، بۆ سەردەمی کۆنی میسر دەگەڕێتەوە.)) [الماجدی، 1999، ص23].

ئەم خواوەندە مێیە و خۆر لەنێوان قۆچەکانیدایە. پاشان ئەمە لە سەردەمی یۆنانی کۆندا دەبێتە خواوەند (ئەفرۆدیت)، کە خواوەندی سەما و مۆسیقا و خۆشەویستییە. لە هەموو ئەمانەدا دەردەکەوێت، هێنانەوەی وشەی (مانگا) هێمایە بۆ ڕەگەزی مێیینە، ڕەگەزێک نیشانەیە بۆ خۆشەویستی و جوانی.

شاعیر لە کۆی دەقەکاندا لەگەڵ هێزێکی دیکە لە ململانێدایە، ئەو هێزە دەیەوێ داگیری بکات، ناسنامەی خۆی لێ بسێنێتەوە، بەڵام شاعیر بەردەوام بەرگری دەکات، بۆ ئەوەی ناسنامەی بەرەکەت و جوانیبەخشینەوەی (مانگا) بپارێزێت. (من)ی ناو دەقە شیعرییەکان هێندێ جار لە جیاتی هەموو منە مێیەکان دەپەیڤێت:

**بۆ هەر ئەبێ شوو بکەین**
**هەتا لانەواز نەبین**
**بۆ ئەوەی نەدرێینە بەر بەرد**
**بۆ ئەوەی تاڵە قژەکانمان لەنێو پەنجەی براژندا**
**جێنەمێنێ و**
**لە پێخەفی یەک پیاودا بین، یان هەزار پیاو**

لەنێو کۆمەڵدا، هاوکات بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵە پیاوسالارەکان، ژن پاشکۆی پیاوە، ئەوە پیاوە دەبێتە پارێزەری ژن، ناسنامەی ژنێتی ژن بە پیاوەوە دەبەسترێتەوە. بە واتایەکی دیکە ژن موڵکی پیاوە. ئەو کاتە ژن ناسنامەی دەبێت کە پیاوێک خاوەنی بێت. بۆیەش (من)ی ناو شیعر دەنگی بەرز دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو پاساوانەی بۆ لێسەندنەوەی ناسنامەی (من) ڕەت بکاتەوە. هاوکات ئەو پاساوانە بێ بەها و بنەما هەژمار دەکات. ئەرکی سەرەکیی (من)ی ناو شیعر هەوڵدانە بۆ وروژاندنی پرسیار، یان پرسیار خستنەسەر ئەو پاساوانە. پاساوگەلێک کراون بە مەرج بۆ بوون و ناسنامەی ژن. بۆ ژن دەبێ هەر شوو بکات، بۆ دەبێت ژیان و بژێوی ژن بەدەست پیاوەوە بێت.

ئەم شیعرانە گوتاری بێ هێزن بەرانبەر چینێکی بەهێز (بە تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکە)، هەمیشە ژن بەبێ هێز وێناکراوە، ئەم وێناکردنە لەوەوە هاتووە کە ژن هەمیشە حەوجە بە پیاوە. ئەم شیعرانە هەوڵێکن بۆ ئەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ ژن بگەڕێننەوە. ئەم کۆمەڵە شێعرە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ژن وەکوو خوێنەر تێپەڕێنێت، چونکە ژن وەک خوێنەر لە توێژینەوەی فیمینستانەدا بەرخۆری ئەو نووسینانەن کە پیاوان دەیاننووسن. کەواتە ژن دەبێت خۆی بێت، نەک لە ڕێی نووسینی هێزێک، کە خۆی بە باڵاتر و ڕەسەنتر لەو دادەنێت، بیربکاتەوە. کاتێک ژن وەکوو نووسەر/شاعیر دێتە پێشەوە، بە بڕوای هێندێک لە فێمینیستەکان سەرەڕای ئەوەی هەوڵدانە بۆ نووسینەوەی خود، بۆ گوزارشتکردن لە ئازاری ژنان، بەڵام ئەو نووسینانەش پاتەکردنەوەی هەمان ئەو کلێشانەن کە هەن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم کۆمەڵە شیعرە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ نووسینی پیاوان، هەوڵێکی سەلمێنەرانەیە بەرانبەر ئەو هێزەی دەیەوێ نووسینی ژنان کاڵ بکاتەوە.

**یان شەوێکی ساردی باران**
**پیاوێک**
**بە چەقۆی نیگاوە**
**بە پێڵاوی قوڕینەوە**
**خۆی بە ژوورەکەما ئەکات**
**نە ئەزانم ئەو کێیە**
**نە ئەزانم ناوی چییە**
**نە ئەزانم مەخلووقی کام هەسارەیە**

پیاوانێک هەن هەمیشە دەیانەوێ ئەو ترسە لە کن ژنان دروست بکەن کە نووسینی ژنانە نووسینێکی کەم بایەخە، بۆیەش لە سەدەی بیستدا زۆرێک لە نووسینی ژنانەیان بە چەمکی (ئەدەبی ژنان) ناودەهێنا، ئامانجیش لێی تانەدان بوو لەوەی ژنان کەمعەقڵن، بۆیە نووسینەکانیشیان ناتەواوە. هاوکات دەیانگوت ژنان ئەگەر بشنووسن، ئەوا سێبەری پیاوی لەسەر دیارە، لەبەر ئەوەیە ژن دەبێتە تایپچن و بەردەست، نەک نووسەر. دەنا وەکی دیکە ژن بە نووسینی دەقی ئەدەبی سەلماندوویانە ئاستی بیرکردنەوە و داهێنانیان لە پیاو زیاتر نەبێت کەمتر نییە. بۆ سەلماندنی ئەمەیش دەیان ڕۆماننووسی ژنمان هەن، بۆ نموونە: ڤێرجینیا وۆڵف، ئیزابیل ئەلێندێ، مارگرێت دۆراس و...تاد. ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسانە دەقی جیهانین. نووسینی ژنانە دۆزینەوەی دەرچەیەکە بۆ هەناسەدان، بۆیەش بزووتنەوەی ژنان نووسینیان کردە هۆکارێک بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئازادییەکانی خۆیان بکەن. ئەم شێعرەی سەرەوە وێناکردنی پیاوە، پیاوێک بەبێ ئەوەی ناسنامەی هەبێت، بەبێ ئەوەی بوونێکی هەبێت، وەکوو بوونێکی نامۆ وێناکراوە. ئەم وێناکردنە تەحەدایەکە بەرانبەر پیاوان کە پیاوان هەر چۆنێک لەبارەی ژنانەوە بنووسن، ناتوانن دەربڕی هەموو لایەنەکانی ژنان بن، ناتوانن وێنای ئازارەکانی ژنان بکەن. چونکە پیاو هەمیشە دەستێکی پڕە لە گوڵ و بە دەستەکەی دیکە چەقۆی هەڵگرتووە. لەڕێی ئەم شیعرەوە شاعیر دەیەوێت بوونی پیاو بسەلمێنێت. هەمیشە پیاوەکان لە دیدی ژنانەوە نامۆن، چونکە بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکەن، وەکوو بوونێکی نامۆ دەبینرێن. بۆیەش (ئێلین شواڵتەر) دەڵێت: جیاوازییەکی قووڵ هەیە لەنێوان ئەوەی ژنان دەینووسن و ئەوەی پیاوان دەینووسن. ئەم شیعرانەی (شنە) هەوڵێکن بۆ شکڵگرتنی شیعرێکی ژنانە، هەرچەندە پێشتریش ئەزموونی دیکەمان هەن، لە نموونەی: کەژاڵ ئەحمەد، نیگار نارد، هێرۆ کوردە و...تاد بۆیەش کاتێک وێنای خۆی دەکات دەڵێت:

**بەڵام، من ئاژەڵێکی دووپێی مێیینەم و**
**پێویستە باسی خۆم بکەم**
**باسی کەموکورتییەکانم و**
**ڕوومەتێکی گەش و پڕ گۆشت**
**کە پێکەنینەکانی جوانترن.**

ئەم وێناکردنە هەوڵێک نییە بۆ ئەوەی جنسییەت بێنێتە بەرباس، هێندەی پێوەندی بەوەوە هەیە، تێڕوانینی پیاوان بۆ ژنان چۆنە. بە واتایەکی دیکە کولتوور چۆن لە ژن، تەنانەت لە پیاویش دەڕوانێت. کەواتە ئەو مێیینەی لەناو ئەو شیعرەدا هەیە، مێینەیەکە دەیەوێ خۆی باسی خۆی بکات، نەک ئەوان/پیاوان وێنای بکەن و باسی بکەن. تەنانەت بەو کێماسیانەی هەیەتی، بۆ ئەوەی هەمووان لە بوونە ڕاستەقینەکەی بگەیەنێت. چیدیکە وەکوو تەنێکی نامۆ و بێهێز تەماشا نەکرێت. چیدیکە کەسانی دیکە نەیەن ببنە دەمڕاستی و باسی بوونی ئەو بکەن. ئەمە گەڕاندنەوەی هێزە، گەڕاندنەوەی نووسینی ژنانەیە.

بە بڕوای من نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو وێنانەی لەناو کولتوورێک لەبارەی ژنەوە چێ دەکرێن. جیاوازیەکە ئەوە نییە لە ڕووی فزیۆلۆجییەوە ژن و پیاو چ جیاوازییەکیان هەیە، بەڵکوو ئەوەیە هەر کولتوورێک چۆن وێنای بوونی ژن دەکات. کولتوور وا دەکات ژن لە خودی خۆی دووربکەوێتەوە. نووسینی ژنانە ڕووداوێکی گرینگی ڕۆشنبیرییە، بەتایبەتی بۆ ئەدەبیاتی کوردی. نووسینی هەر ژنێک دەبێتە شەهرەزادێک بۆ ڕزگارکردنی دەیان ژنی دیکە، پاراستنیان لە سێبەر و تارمایی پیاو لە ئەدەبیاتدا. چوونەژوورەوە بۆ جیهانی نووسینی ژنانە دەرچوونە لە ستەم. بەهۆی نووسینی ژنانەوە، ژن هۆشیاریی بەرانبەر خودی خۆی دەدۆزێتەوە، لەوێوە پرسیارەکانی خۆی بەرانبەر کۆمەڵ و دەسەڵات دەکات. لە ئەدەبیاتی کوردیدا چەمکی نووسینی ژنانە زۆر هونەریترە لە چەمکی نووسینی مێیینە، چونکە لە هی یەکەمیاندا تایبەتمەندی بۆ ژن تێدایە و تایبەتە بەو دەقانەی لەلایەن ژنانەوە نووسراون، بەڵام چەمکی دووەم پتر جیاوازیی ڕەگەزی تێدەکەوێ، بەوەی مادام نووسینی مێیینەمان هەیە، ئەوا دەبێ نووسینی نێرینەشمان هەبێت. ئەم چەمکە زیادتر هەڵگری ئایدیۆلۆجیایە.

وێناکردنی ژن وەکوو جەستە لە لایەن پیاوەوە هەوڵێکە بۆ کورتکردنەوەی بوون و ناسنامەی ژن لە چێژ، بۆیەش کۆمەڵێ بابەتی تایبەتی و گشتی هەن کە ژن تێڕوانینی خۆی لەبارەیانەوە هەیە. دەمەوێ بڵێم ئەو بابەتانە لە تێڕوانینی ژنانەوە زۆر قووڵترە وەکوو لە جیهانبینی پیاواندا هەیە.

یەکێک لەو بابەتانە خۆشەویستییە. زۆربەی کات پیاوان لەڕووی جەستەییەوە لە خۆشەویستی ژن دەڕوانن. خۆشەویستی لە ژیانی ژناندا پێویستییەکە، لە کن وی لە هەستێک گەورەترە، لە ڕێیەوە دەیەوێ خودی خۆی بسەلمێنێ.

نا نا نا "نۆسترادامۆس" من لەو خەونانە بێزارم
ئەم خەونانە سەرم بە بڕین دەدەن
ئەم خەونانە منالێکی قژزەرد لە منا دەدەن لە دار

(من)ی ناو شیعر لەگەڵ کەسێک بە ناوی (نۆسترادامۆس) دەپەیڤێت. ئەم کەسە پزیشک و ئەستێرەناسێکی فەرەنسییە و لە ساڵی (1503-1566ز)دا ژیاوە. ئەم ئەستێرەناسە کتێبێک بەناوی (پێشبینییەکان) دەنووسێت. ئەو لە سەردەمی خۆیەوە تاکوو کۆتایی جیهان کۆمەڵێ پێشبینی نووسیون، هێندێکیان هاتوونەتەدی و هێندێکیان نەهاتوونەدی. بۆ نموونە پێشبینی ڕووداوی یانزەی سێپتێمبەر و جەنگی کەنداوی کردووە. کاتێک ژن دەیەوێ خەونەکانی خۆی لەڕێی پێشبینییەکانی (نۆسترادامۆس) لێکبداتەوە، خەونەکانی ژن هێندە مەترسیدارن، تەنانەت پێشبینییەکانی ئەم ئەستێرەناسەش ناتوانێت لێکدانەوەیان بۆ بکات. بە واتایەکی دیکە کاتێک ئەستێرەناسەکە دەیەوێ پێشبینی خەونەکانی بکات، (من)ی ناو شیعر ئەنجامی پێشبینییەکانی دەزانێت. بۆ؟ چونکە هەموو شتێک بۆ ژن قەدەغەیە، ژن کاتێک دەیەوێ خۆشەویستی بکات، ڕەنگە سەری بە بڕین بچێت، کاتێک دەیەوێ کۆمەڵێ حەز و ئارەزووی جێبەجێ بکات، لە دار دەدرێت. ئەو بەبێ ئەوەی بۆ پێشبینییەکانی ئەستێرەناسەکە بگەڕێتەوە، ئەنجامی خۆشەویستی دەزانێت، دەزانێت لەناو ئەو هەموو دیوارەدا ناتوانێت خۆشەویستی بکات. هەرچەندە خۆشەویستی گوزارشتە لە هەستێک، دەروون لە ناکاو ڕادەچڵەکێنێ. ئەمە واتای ئەوە نییە (من) زۆر نیگەرانە، بەڵێ نیگەرانە بەڵام کۆڵ نادات. تەنانەت گەیشتن بە خۆشەویستەکەی دەخاتە چوارچێوەیەکی تەنزئامێزەوە:

**خۆم لە باری لۆریی مەرزەکاندا دەشارمەوە و**
**دەگەمە لات**
**من گشت دەریاکان دەبڕم و**
**دەگەمە لات**
**من گشت توولەڕێگاکانی مەرگ دەبڕم و دەگەمە لات**
**قەینا**
**با لە کوبا بمگرن و تێر شەقم کەن**
**با لە زیندانەکانی مەکسیکدا**
**بەر چەقۆم بەن**
**با لە چین تاعوون بگرم و بمرم**

ڕێی خۆشەویستی بۆ ژنێک ڕێیەکی پڕ هەوراز و نشێوە، ئەمە بەرگریکردنە بەرانبەر ئەو هێزانەی ڕێگرن لەبەردەم خۆشەویستی، بەرگرییە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ. ژن لێرەدا نیگەرانییەکانی فڕێ دەدات، ئامادەیە بەرگەی هەموو سەختییەکان بگرێت. ئاشکرایە زیندانەکانی کوبا و مەکسیک لە هەرە مەترسیدارترین زیندانەکانی جیهانن. کۆمەڵ بەو جۆرە زیندانانە دەچوێنێت، ئەگەر لە وەها زیندانێکیش بێت، هەوڵ دەدات بە خۆشەویستەکەی بگات. لێرەوە چەمکی خۆشەویستی لە دیدی ژنەوە لە چەمکی جەستە و چێژ دادەماڵرێت. خۆشەویستی دەبێتە کەرەسەیەکی ڕووحیی گرینگ بۆ ژن، کە ئامادەیە قوربانی بۆ بدات. هەوڵدان بۆ دەرچوون لەژێر کۆتوبەندی کۆمەڵ، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی دنیایەکی نوێ، خۆ داماڵینە لە هەموو ئەو بەرگانەی بۆی دروستکراون.

سەرلەنوێ دارشتنەوە و تیۆریزەکردنەوەی چەمکی ڕەگەز (Gender) بۆ ژن هەوڵێکی بەردەوامی فێمینستەکانە. بەردەوام ئەوان کاریان لەبارەی ئەو تێڕوانین و کولتوور و جیهانبینییە دەکرد کە بەرانبەر ژنان دەردەبڕدران. بۆ نموونە کاتێک لە کۆمەڵێ کوردەواریدا دەڵێن: ژن کەمعەقڵە، یان ترسنۆکە...تاد، ئەوە هەوڵێکە بۆ جوداکردنەوە، یان دیاریکردنی ڕەگەز. بۆیەش لەم کۆمەڵانەدا هەمیشە ((جنسیەتی پیاوانە دەشێت دەلالەتی پەیوەستی ئەرێنییان هەبێت و جنسیەتی ژنانە بڕیارە دەلالەتە پەیوەستە نەرێنییەکان بوروژێنێت.)) [بێرتێنز، 2015، ل173] هەرچی لایەنی نەرێنی هەیە، لە لایەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە کە بە دەست پیاوەوەیە دەدرێتە پاڵ ژنان، بەڵام خاسیەتە ئەرێنییەکان دەدەنە پاڵ خۆیان. لە هێندێک شوێن وێنای خۆیان لە چاوی پیاوەوە دەکەن:

**لە خوێناوی چاوی چەپیا خۆم ئەبینی**
**خۆم ئەبینی کەللەسەرم**
**تۆپی یاری منالان بوو**
**خۆم ئەبینی دەست و قاچم**
**داری تەنووری ژنان بوو**

هەموو ئەو نیگەرانیانەی (من)ی ناو شیعر بەرانبەر وێنای خۆی هەیەتی لە دیدی پیاوەوە وێنامان بۆ دەکات. ئەو دێت وێنای خۆی لە تێڕوانینی پیاودا دەخاتەڕوو، بەڵام دواتر خۆی دێت ئەو وێناکردە بۆ ڕەگەزی ژن دەگۆڕێت، هەوڵی یاخیبوون دەدات:

**من شەڕێکم بەرامبەر بە قەترەکانی بۆڕی ئاوێک هەڵئەگیرساند**
**من پەست ئەبووم**
**هەرچیم ئەگوت دووبارەیان ئەکردەوە**
**سوپایەکم بۆیان ڕێکخست**
**لە مەیدانی کینە و ڕقا**
**شەڕێکم دژیان هەڵگیرساند**
**چەند سەرکێش بوون ئەو قەترانە**
**لە کاتی ڕۆحدەرچوونیشا**
**ناوی من بوو، وێردی سەر زمانیان**

تنۆکی ئاو هێزێکی لە ڕادەبەری هەیە، بەڵام هێزێکە لەسەرخۆ کار دەکات. کاتێک لە ئەشکەوتێکدا دڵۆپە ئاو دێتە خوارەوە، دەبینین بە درێژایی کات ئەو بەردەی دڵۆپە ئاوەکەی بەر دەکەوێت، کون دەبێت، یان چاڵ دەبێت. چۆن تنۆکە ئاوێک کە شلە، بەردێکی ڕەق کون دەکات، ژنیش بەو هەموو نەرم و نیانییەوە دەتوانێت کولتوورێکی ڕەق، کۆمەڵێ دۆگما ببڕێت. لێرەوەیە ژن شەڕ بەرانبەر دۆگماکان ڕادەگەیەنێت. ڕوانگەی (شنە) ڕوانگەیەکی فێمینیستانەیە، بەو واتایەی هەوڵدەدا ژن وەکوو بوون پێشکەش بکات. هەر ئەمەیشە هەوێنی نووسینی ژنانە، چونکە نووسینێکە هەوڵی خستنەڕووی ئەو دیدگایانە دەدات کە ژن وەکوو هەوەس و قوربانی تەماشا دەکەن. کەواتە ژن ڕەمزێکە کۆمەڵێ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، تاکوو لەوێوە ڕوانگەی کۆمەڵ بەرانبەر ژن بخرێتەڕوو. کەواتە لێرەدا دەکەوینە بەر ئەو ڕوانگەیەی، ئەگەر نووسەرێکی ژن دەقێک بنووسێت چۆن ژن وەکوو ڕەمزێک نیشان دەدات و نووسەرێکی پیاو چۆن ژن دەکات بە ڕەمز. لە زۆربەی شێعرەکاندا یاخیبوون و بەرەنگارییەکی توند لە لایەن (من)ی ناو شیعرەوە دەبینین. سەرکێشی تنۆکەکان، بەردەوامی تنۆکەکان بەبێ ماندبوون و بە ئارامی نیشاندانی ئەو هەوڵە بەردەوامەی بزاڤی ژنانە بەرانبەر کولتوورێکی لە بەرد ڕەقتر. ئەم شەڕە، شەڕە لەگەڵ کولتوورێک کە هەموو شتێک لە جەستەی ژندا دەبینێتەوە. جەستەی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، ئایکۆنێکە بۆ سێکس، بۆ چێژ، چونکە جەستەی ژن ڕاستەوخۆ پێوەندکراوەتەوە بە ئاکار و شەرەفەوە. شەرەفی خێزان بۆ پیاو بریتییە لە جەستەی ژنی، خوشکی، دایکی. بۆیەش دەبینین کاتێک دوو پیاو لە شوێنێک دەبێتە شەڕیان جنێو بە دایک و خوشک و ژنی یەکدی دەدەن، بێگومان هۆکاری ئەمە ئەوەیە، ژن موڵک و سامانی پیاوە. کەواتە ژنان بۆ ئەوەی قسەیەکیان لەسەر مافەکانیان هەبێت، لەم سەردەمەدا قسەیان لەبارەی جەستەی خۆشیانەوە هەیە، چونکە جەستە بوونی ئەوان دەسەلمێنێت. ((ئەمڕۆ چەمکی جەستە وەک چەمکێکی سێنتراڵ سەیر دەکرێت. لەوبارەشەوە بزاڤی ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەبارەی تێگەیشتنی جەستە گێڕاوە.)) [عەبدوڵلا، 2012، ل22] واتە ئەو هۆشیارییە ئێستا لەلای ژن هەیە، کە جەستە شتێکی ئاکاری نییە، جەستە لە شەرەفدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو جەستە بەهایەکی ماددی هەیە، لەوێوە ژن تواناکانی خۆی دەسەلمێنێت.

سەرچاوەکان:

1. بێرتێنز (هانز)، 2015، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، و:عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
2. عەبدوڵلا (عەبدولموتەڵیب)، 2012، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەرایی دا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
3. فرۆید (سیگمۆند)، 2005، ئیگۆ و ئید، و:یوسف عوسمان حەمەد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر.
4. الماجدی (خزعل)، 1999، الدین المصری، دارالشروق.



# سینەمای تازیەبار

## بە بۆنەی کۆچی ناوادەی ڕەحیم زەبیحی



ڕووداو– بانە

ئێوارەی ڕۆژی هەینی 8/12/2018 هەواڵێکی دڵتەزێن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە کە بووە هۆی واقوڕمانی خەڵک و سامێک لە دڵی هەموو هونەرمەندانی کوردستان نیشت. هەواڵەکە کورت و جەرگبڕ بوو: "ڕەحیم زەبیحی، سینەماکاری کورد و کەیوانی برای، لە گوندێکی نزیک شاری بانە بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ گیانیان لەدەستدا".

ڕەحیم زەبیحی ساڵی 1971 لە شاری بانە لەدایک بووە. لە ماوەی 20 ساڵی ژیانی لە کاری هونەریی شانۆ و فیلمدا وەکوو ئەکتەر و دەرهێنەر ڕۆڵی هەبووە و خاوەنی چەند کورتە فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری بوو کە هەندێکیان لە چەندین فێستیڤاڵی گەورەی جیهانیدا درەوشانەوە. کورتە فیلمی (هاوار) یەکێکە لەو فیلمانەی کە لە فێستیڤاڵەکانی کورتەفیلمی تاران، کورتەفیلمی سۆنی، فێستیڤاڵی ئەسفەهان، واراش، باران، کلێرمۆنتەی فەڕانسە، فێستیڤاڵی هامبورگ لە ئاڵمانیا و ساوپاولۆی بەڕازیل نمایش کراوە و خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە، بەجۆرێک بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نێوبانگی زەبیحی لە دنیای سینەمادا. ئێستاش زەبیحی بەپێی وتەکانی خۆی لای هەندێک لە دۆستانی، سەرقاڵی دروستکردنی کورتەفیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کۆڵبەرەکانی کوردستان بوو. ئەمساڵ بەهۆی دەرچوونی کچە گەورەکەی لە زانکۆی ورمێ، بەماڵەوە دەچێتە ئەو شارە و دەبێتە دانیشتووی ئەوێ. یەک دوو ڕۆژ پێش کارەساتەکە، بە سەردان دەگەڕێتەوە بۆ بانە و لە ڕۆژی هەینیدا تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەبن کە سەرەتا وەکوو ڕووداوێکی هاتوچۆ باسی لێدەکرێ، بەڵام دواتر شکڵی

هەواڵەکان یەک لە دوای یەک دەگۆڕێن و هەرکەسێک شتێک لەسەر هەواڵەکە دەڵێ. یەکێک دەڵێ جەنازەی ئەو دوو برا هونەرمەندە لەنێو سەیارەکەیاندا بە قۆڵبەستکراوی دۆزراوەتەوە و ئۆتۆمبێلەکەیان بێ ئەوەی دەعم بکات و شوێنەوارێکی کارەساتی هاتوچۆ لەسەر جادەکە دیار بێت، خستوویانەتە خوار و ئاگریان تێبەرداوە و دەستی ئەوانیش بە کەلەپچەی پلاستیکی بەستراوە و بوونە بە خەڵووز. دوای یەک دوو سەعاتێک چەند گرتەیەک لە شوێنی کارەساتەکە بڵاودەبنەوە کە دەبنە هۆی داخ و کەسەری خەڵک و جێی سەرسوڕمانیان. لە گرتەکاندا هیچ ئاسەوارێکی دەعم و چەپکردن دیار نییە و ئۆتۆمبێلەکە کە هی ڕەحیم زەبیحی بووە، لە بەرزاییەکەوە پاڵی پێوەنراوە و بە بەنزین ئاگری تێبەردراوە. ئەم هەواڵە بە جۆرێکی خراپ کاری لە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات کردووە و ترس و گومانی بڵاوکردووەتەوە. هەر ئەو شەوە کەسێک لە خزمەکانی ڕەحیم زەبیحی کە دەڵێن بەیانیی ئەو ڕۆژە چەند کاژێرێک لەگەڵی بووە و گومانی لێدەکرێ، لەلایەن دائیرەی "ئاگاهی" بانەوە دەستبەسەر دەکرێت و دەکەوێتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە. هەمان کاتیش ئەو فەرمانگەیەی پۆلیس داوا لە خەڵک دەکات ئەو فیلمانە بڵاونەکەنەوە کە لە ڕووداوەکە گیراون. بۆ بەیانیی دوای ئەوەش لیژنەیەک پێکدێ کە لە ڕێگەی ئەو لیژنەیەوە داوا لە خەڵک دەکەن هیچ دەنگۆیەک لەسەر کوشتنی ئەو دوو برا هونەرمەندە بڵاونەکرێتەوە و بۆ ئەسپەردەکردنیشیان چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەکانی "پزیشکی یاسایی" بانە و ئەو لیژنەیە بن کە لەلایەن پۆلیسی ئاگاهیی سنەوە وەک مەرکەزی پارێزگاکە، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر ڕەوانەی بانە کراوە. هەندێک خاڵی نائاشکرا و ون کە لەم نێوانەدا بۆ خەڵک بووەتە پرسیار، ئەوەیە کە ئایا ئەم دوو برایە، زووتر هەر لەنێو شار و پێش ئەوەی ئەو

ڕێگە پێنج کیلۆمەترییە ببڕن، بێهۆش کراون و دەستیان بەستراوەتەوە؟ چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ مۆبایلەکەی ڕەحیم زەبیحی هێشتا نەدۆزراوەتەوە و لە دوای کارەساتەکەوە، هەرچی پەیوەندی بە مۆبایلەکەیەوە کراوە، نە مەشغوڵ

بووە و نە خامۆشیش بووە. ئایا لە شوێنێک بە ئەنقەست خۆی فڕێیداوە، یاخود ئەو جۆرەی کە دەڵێن پۆلیسی ئاگاهیی بانە بە جی پی ئێس شوێنەکەی دیاری کردووە، هەر لەنێو شار و لە ماڵێکدا کە دەکەوێتە یەک لە بلوارەکانی بانە، لێیان سەندووە، یا خۆی فڕێیداوە بۆئەوەی دوایی هەر لەڕێی مۆبایلەکەیەوە، بکوژەکەی بدۆزرێتەوە؟

ئەوەی دەبێتە مایەی ئاڵۆزیی زیاتر، ئەوەیە کە هێشتا لەنێو خەڵکدا هەندێک شت باس دەکرێن ئەگەر وەکوو دەنگۆش بێنە بەرچاو، دیسان جێی تێڕامان و بەدواداچوونن. بۆ نموونە: کارەساتەکە کاژێر 2:50 خولەک ڕوویداوە و دەڵێن کەیوانی برای کاتژمێر 2:15 خولەک بە هەڵەداوان تەلەفۆنی کردووە بۆ ماڵەوە و گوتوویەتی: گیراوین! هەر ئەمە ڕووی گومانەکان دەکاتە شوێنێکی دیکە و لە نێوخەڵکدا بە ئاشکرا باس لەوە دەکرێت کە لەلایەن فەرمانگە ئەمنییەکانەوە کوژراون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕەحیم زەبیحی نەک تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵکوو لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی دەوڵەتیدا وەک نوێنەری هونەرمەندان بانگهێشت کراوە بۆئەوەی گوتار پێشکەش بکات و تەنانەت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هیچ جۆرە کارێکیش لە دەرهێنانی فیلم و شانۆوە تا گرتنی ڕێوڕەسم و بۆنە، هیچ بەربەستێکیان لەبەردەم دانەدەنا و بە ئاسانی کارەکانی ڕایی کراون. بۆیە ئەو جۆرە دەنگۆیانە ناتوانن وەکوو بەڵگەیەکی ڕاستەقینە ڕوونکەرەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بن. ئەوەش کە هەندێک سیمای نادیار لەم ئانوساتەدا، گەلێک لاپەڕەی ڕاست و ناڕاست لە ژیانی تاکەکەسی زەبیحی لادەدەن، تەنیا قورسایی ئەم خەمە لە دڵی بنەماڵەکەیدا و تەنانەت لەسەر دڵی کۆمەڵگەی هونەری و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵات زیاد دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆف و سام لە دڵی هەر تاکێکی کۆمەڵگە و بەتایبەت لە دڵی هونەرمەندان و ڕۆشنبیراندا. بۆیە دەبێ دەوڵەتی ئێران لە زووترین کاتدا ڕوونکردنەوەی یاسایی بۆ ئەم کارەساتە بدات و نەهێڵێ چیدی ڕووی ئەم دەنگۆیانە بەرەو خۆی بن. چونکە بە سووکە تێڕامانێک دەتوانین لەو حەقیقەتە بگەین کە ئەم دوو برایە بە شێوەیەکی دڕندانە کوژراون و ئەم کارەساتە هیچ بەڵگەیەکی لە ڕووداوێکی ئاسایی ناچێت و ئێستا نووکی ئاماژەکان، لەپێشدا ڕووی لە دەوڵەت و دائیرە ئەمنییەکانی بانەیە و دوایی دەگوازرێتەوە سەر خەڵکی ئاسایی و نەیار و دوژمنی زەبیحی.

دوایی زانیاری سەبارەت بەم کەیسە لە زاری عەبدوڵڵا فەتحی، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای کوردستان (سنە) وە بڵاوکراوەتەوە کە ڕۆژی یەکشەممە بە ئاژانسی هەواڵی مێهری گوتبوو: "بکوژەکەی هونەرمەند رەحیم زەبیحی و براکەی دەستگیر کراوە".

ئەو گوتبووی کە: "ناسنامەی ئەو کەسە ئاشکرا بووە و لە ڕۆژانی داهاتوودا زانیاریی زیاتر لەبارەی ناسنامەی کەسەکە و ڕووداوەکە ئاشکرا دەکرێت".

## سەربردەی شانۆنامەکانی چێخۆف

# لە جادە گەورەکەدا



ئەم دراما تاک پەردەییە یەکەمجار ساڵی 1914 بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی مەرگی چێخۆف لە گۆڤای سلۆڤۆدا بڵاوکرایەوە و هەر ئەو ساڵەیش لە یەکێک لە هۆڵە شانۆییەکانی دەوری مۆسکۆ نمایش کرا. ئەو نەسکەی کە ئی سەردەمی نووسینەکەیەتی، لەبەرگیراوەی دەستنووسی فەرمانگەی سانسۆرە کە سەربەرگەکەی مۆر کراوە و ڕێکەوتی ڕادەستکردنی شانۆنامەکە (29ی ئایاری ساڵی 1885) و ڕای بەرپرسی پێوەندیداری بە ڕێکەوتی 20ی سێپتەمبەری 1885 بەسەرەوەیە: "ئەم شانۆنامەیە بۆ نمایشکردن لەسەر سەکۆکانی شانۆی وڵات بە نەگونجاو زانراوە. بەرپرسی سانسۆری نووسراوە دراماتیکەکان، کایزرفێن نیلکهایم".

هەر ئەو فەرمانبەرە لە ڕاپۆرتێکی جیادا بۆ سەرۆکی ئیدارەکەی خۆی نووسیوە: "شوێن و کاتی ڕووداوەکە مەیخانەیەکی سەر ڕێگەیە. لەنێو ئەو خەڵکە جۆراوجۆر و بەرەڵا و ڕێبوار و زیارەتکەرانەدا کە لە مەیخانەکە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە و شەو بکەنە ڕۆژ، مڵکدارێکی مایەپووچیشیان لەگەڵە کە لەبەر مەیخانەچییەکە دەپاڕێتەوە بە قەرز مەشرووبی بداتێ... بە ڕای من ئەم شانۆنامە ڕەشبینە قێزەونە بۆوەی نابێ بچێتە سەر سەکۆ و نمایش بکرێ".

لەم چاپەیدا، شانۆنامەکە لە ڕووی نەسکی دەستنووسی فەرمانگەی سانسۆرەوە چاپ دەکرێ.

بەپێی بەڵگەکان وێدەچێ کە ئەم ئێتۆدراماتیکە لە پاییزی ساڵی 1884ـ دا نووسرابێ. ئانتۆن پاڤلۆڤیچ لە نۆڤەمبەری ئەوێ ساڵێدا ئاوای بۆ لیکین نووسیبوو: "بەپێچەوانەی جاری جاران، ئەم حەفتەیە ناتوانم کۆمەڵێک چیرۆکتان بۆ بنێرم، چونکە بەردەوام نەخۆش بوومە و تا ڕادەیەکیش خەریکی کارێکی دیکە بووم: خەریکم شتێکی زۆر بچووک و بێنرخ بۆ سەرسەکۆی شانۆ دەنووسم...".

چێخۆف لەم ئێتۆدەدا، کەڵکی لە ناوەڕۆکی چیرۆکێکی خۆی وەرگرتووە بەناوی "لە بەرهارێدا" کە لە سێپتەمبەری 1883ـ دا لە گۆڤاری بۆدیلنیکدا بڵاوبووەتەوە. شوێنی ڕووداوەکە و کێشمەکێشی سەرەکیی چیرۆکەکە یانی سەربردەی مڵکدارێکی بەڵالێدراو و متووی مەشرووبە کە ملوانکە و وێنەی هاوسەرە خۆشەویست و هاوکات خیانەتکارەکەی خۆی لای کابرای مەیخانەچی بە بارمتە دادەنێ و ڕەعیەتێک ئاغاکەی خۆی دەناسێتەوە و ئینجا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. ئەو شانۆیە هەر لە چیرۆکەکەی "لە بەهارێدا" وەرگیراوە و تۆزێک دەستکاری کراوە و لە چاو چیرۆکەکەش چوار هێندەی لێ زیاد کراوە.

### کالخاس (دەنگی قوو)

تاکپەردەیەک لە ئاوازی قوو، یەکەمجار ساڵی 1887 لە کەشکۆڵە ئەدەبییەکەی سزۆندا چاپ و

رەسووڵ سوڵتانی



بڵاوکرایەوە و ڕێکەوتی دەرچوونی ڕوخسەتی چاپەکەیشی 11ی جانیوەریی 1887ـە. نەسکی دەستنووسی شانۆنامەکە کە بۆ فەرمانگەی سانسۆر ئامادە کرابوو، ماوە.

ئەم ئێتۆدراماتیکە، لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی 1886ـ دا یان لە یەکەم ڕۆژەکانی ساڵی 1887ـ دا دەکرێ بڵێی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چیرۆکێکی چێخۆف کە لە گۆڤارە ئەدەبییەکەی "ڕۆژنامەی پێترزبۆرگدا (نۆڤەمبەری 1886) بەناوی کاڵخاس نووسراوە.

ئانتۆن پاڤلۆڤیچ لە جانیوەری 1887ـ دا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی نووسیبوو: "شانۆنامەیەکی کورتم نووسیوە کە هەر پازدە بیست دەقەیەک دەخایەنێ... بچووکترین درامای دنیا... چونکە قەول وایە کەشکۆڵی سزۆن چاپی بکا و هاوکات لە سەرانسەری وڵاتیشدا بڵاودەبێتەوە. نووسینی بابەتی کورت لە بنیڕا لە خولقاندنی بەرهەمی گەورە ئاسانترە، چونکە جگە لەوەی کەمتر ڕەخنەی دێتە سەر، سەرکەوتنیش بەدەستدێنێ. ئیتر پیاو چیی دیکەی دەوێ؟ درامایەکەم نووسیوە، لە سەعاتێک و پێنج دەقەدا".

لە کەشکۆڵی سزۆندا، شانۆنامەیەک بە کورتکراوەیی و وردتر بڵێین، بەبێ بەشی دووەمەکەی کە تێیدا سۆتلۆیدۆڤ دەکەوێتەوە بیر چالاکییە هونەرییەکانی سەردەمی لاوێتیی خۆی و هێندێ بەشی شانۆنامە جۆراوجۆرەکان دەخوێنێتەوە، چاپ کرابوو.

لە کۆتایی ساڵی 1887ـ دا بە بۆنەی ئەوەی کە وا بڕیار بوو "ئاوازی قوو" بچێتە سەر سەکۆی شانۆی "کۆرش"، دوو نەسکیان لەبەر شانۆنامەکە گرتەوە بۆ ئەوەی بنێردرێتە فەرمانگەی سانسۆر. چێخۆف هەر ئەو کات لەو پێوەندییەدا بۆ داڤیدۆڤی نووسی: "دوێنێ کە لەلای تۆوە گەڕامەوە ماڵێ، براکانم دانیشاند لەبەر شانۆنامەکە هەڵگرنەوە و ئێستا دوو نەسکی ئەو شانۆنامەیەت بۆ دەنێرم کە بنێردرێنە فەرمانگەی سانسۆر".

چێخۆف زیندوو بوو کە ئاوازی قووەکەی وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی بولگاری و ئەڵمانی و پۆڵۆنی و سێربی و چیکی.